**بەش: کوردی**

**کۆلێژ: پەروەردەی بنەرەتی**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت: بەرێوەبردن و سەرپەرشتیاری**

**پەرتووکی کۆرس : قۆناغی چوارەم**

**ناوی مامۆستا: م.ی. ڕازاو محی الدین**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | ڕازاو محی الدين عبدالرحمن |
| ٣. بەش/کۆلێژ | کوردی/ کۆلیژی پەوەردەی بنەرەتی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: razmohyadeen@yahoo.com |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیە<br>١ | تیۆری: ٢کاتژمێر |
| ٦. ماوەی کارکردن | ٤ کاتژمێر لەهەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایلی مامۆستا | سەرەتای ژیانی ئەکادیمی بە دەست هێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس بوو ، لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی ، لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بەکالوریوسم لە بەشی زمانی کوردی کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی تەواو کردووە ، لە ساڵی ٢٠٠٨ لە هەمان کۆلیژ دامەزراوم وەك یاریدەدەری توێژەر تاکو ساڵی ٢٠١١ بووم بە قوتابی ماستەر لەهەمان بەش و کۆلێژ وە لە ساڵی ٢٠١٥ بروانامەی ماستەرم لە ڕێگاکانی وانەووتنەوە بەدەست هێنا، ئێستاش مامۆستای یاریدەدەرم لەبەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی . |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | بەرێوەبردن ,ئەرکەکانی بەرێوەبردن,پلان دانان, رێکخستن, ئاراستەکردن, چاودێریکردن, بەرێوەبردنی قوتابخانەیی,بەرێوەبردنی پەروەردەیی, سەرپەرشتیکردن, جۆرەکانی سەرپەرشتیکردن, بەرێوەبەری سەرکەوتوو. |

**١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

**هەروەك دەبینین قوتابخانە ئەو دامەزراوە پەروەردەییە كە تمپیلیپرۆسەی فێركردن دەكات وە بەرێوەبردنی قوتابخانەی ئیشی وە كو هەموو ئیشەكانی ترە تووشی كۆمەڵێك ئاستەنگ دەبێ وە دەبێ كۆمەڵێك كار ئەنجام بدات ئەو كارانەش كە ئەنجام دەدرێت بە پلەی یەكەم ئەركەكەی دەكەوێتە ئەستۆی بەرێوەبەركە وە بەپلە دوو ئەركی دەكەوێتە ئەستۆی ستافی قوتابخانەكە ئەویش هەر لە مامۆستاو قوتابی و نوسەرو جێگری بەرێوەبەرو كارگوزار .**

**بەرێوەبردن دۆزراوەتەوە لەو كاتەی كە مرۆڤ دۆزراوەتەوە كە لەسەر زەوی دەژیان لە كۆمەڵەی بچووك دواتر گەورە تا كۆمەڵگا هەروەكو ئەو كۆمەڵگایەی ئێمە ,لەسەرەتادا پێویستی مرۆڤ بە بەرێوەبردن سادە بوو بەڵام دواتر لەبەر ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەكان و پێویستیان بە بەرێوەبردن زیاتر بوو تا وەكو بتوانن ژیانیان رێك بخەن و هەماهەنگ بن و ئاراستە كردنیان بە شێوەیەكی راست بێت.**

**ئێمەش قوتابیانی قۆناغی چوارەم فێری چەمكی بەرێوەبردن دەكەین وە باسی بەرێوەبردن دەكەین وەباسی ئەركەكانی بەرێوەبردن  دەكەین وە باسی جۆرەكانی بەرێوەبردن بۆ قوتابیان دەكەین لێرە قوتابیانمان فێری جیاوازی كردن دەكەین لە نێوان بەرێوەبردنی دیكتاتۆری و دیموكراسی و وە گێرە شێوێنی لەبەر ئەوە قوتابیانمان فێر دەكەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا گەر ئەرك و پۆستی بەڕێوەبەریان كەوتە ئەستۆ  سەركەوتوو بن و بتوانن بەشێوەیەكی زانستیانەو هونەریانەو كارگێڕیانە كارەكانیان ڕابپەڕێنن ،وە باسی سەرپەرشتیاریان بۆ دەكەین  وەكارەكانی سەرپەرشتیار وە جۆرەكانی سەرپەرشتیار,وەباسی بەرێوەبردنی پۆل بۆ قوتابیان دەكەین وە مامۆستا چۆن كۆنترۆڵی پۆلەكەی دەكات وە چۆن تعامل لەگەڵ قوتابیەكانی دەكات ,بەمەش قوتابیەكانی قۆناغی چوارەم سوود وەردەگرن بۆ كاتی راهێنان ئەویش لەكاتی تعامل كردنیان لەگەڵ قوتابیان.**

**١١. ئامانجەكانی كۆرس:**

**ئامانج لە گوتنەوەی بابەتی بەرێوەبردن و سەرپەرشتیاری بریتیە ناساندنی چەمكی بەرێوەبردن و سەرپەرشتیاری وەزانینی پێناسەی بەرێوەبردن, بەرێوەبردنی پەروەردەی, بەرێوەبردنی گشتی,بەرێوەبردنی قوتابخانەیی,جۆرەكانی بەرێوەبردنی قوتابخانەیی(دیموكراتی,دیكتاتۆری,گێرەشێوێنی,قوتابیانمان فێری كۆنترۆڵكردنی پۆل دەكەین ,جۆرەكانی بەرێوەبردنی پۆل,لێرە قوتابی فێرە ئەوە دەبێت چۆن كارلێك لەگەڵ قوتابیان دەكات لە ناو پۆل وە چۆن تعامل لەگەڵ بەرێوەبەرەكی دەكات ,وەناساندنی چەمكی سەركردە,جیاوازی نێوان بەرێوەبەروو سەركردە,ناساندنی چەمكی سەرپەرشتیار,جۆرەكانی.**

**١٢. ئەركی قوتابی**

- **ئامادە بوونی قوتابیان لە وانەكاندا گرینگە چونكە پێویستی بە نووسینی تێبینی هەیە.**
- **پیویستە گفتوگۆ درووست بكات بۆ زیاتر شارەزابوون لە و بابەتە**

**١٣. رێگاكانی وانە وتنەوە**

١. **رێگای محازەرە** (طريقة المحاضرة).
٢. **رێگای پرسیار و وڵام** (طريقة الإستجواب).
٣. **رێگای گفت و گۆ** (طريقة المناقشة).

**هۆیەكانی فێركردن**

١. **بەكارهێنانی پاوەر پۆینت،** (Power Point)
٢. **سوود وەرگرتن لە تەختە سپی،** (White Board) **و بەكارهێنانی پێنووسی رەنگاو رەنگ.**
٣. **بەكارهینانی ڤیدیۆ بۆ روونكردنەوەی زیاتری بابەتەكە گەر هەبێت.**

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

**تاقی كردنەوەی وەرزی یەكەم ———— ٢٠ نمرە**

**تاقی كردنەوەی وەرزی دووەم ———— ٢٠ نمرە**

**كۆی گشتی دەكاتە ———— ٤٠ نمرە**

**كۆتایی ساڵ ———— ٦٠ نمرە**

**١٥. دەرئەنجامەكانی فێربوون:**

**له دەرئەنجامی ئەم کۆرسەدا قوتابیان بەتەواوەتی ئامادە دەبن بۆ راهێنان کردن کە لە قۆناغی چوارەمی کۆلیژ هەروەها قوتابی شارەزایی وەردەگرێت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قوتابخانەو پۆل و ئەو تۆمارانەی کە قوتابخانەهەیتی بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە .**

**لەم کۆرسەدا قوتابی بزانێ بەرێوەبردن چیە و جۆرەکانی چین, بەرێوەبردن قوتابخانەی,پێناسەی بەرێوەبەری سەرکەوتوو,تایبەتمەندیەکانی,پێناسەی سەرکردە,تایبەتمەندیەکانی,ب جیاوازی نێوان بەرێوەبەرو سەرکردە ,بەرێوەبردنی پۆل پێناسە دەکەیەن ,ئەرکەکانی بەرێوەبردنی پۆل,گرینگی بەرێوەبردنی پۆل,وە ئەرکەکانی بەرێوەبردن ئەویش پلان دانان ,رێکخستن,هەماهەنگی ,ئاراستە کردن,چاودێریکردن,هەڵسەنگاندن,چەمکی سەرپەرشتیاری پەروەردەی ,جۆرەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی,قوتابی فێری کارەکانیسەرپەرشتیار دەبن .لێرەدا قوتابی سوود مەند دەبێ لە ژیانی پراکتیکی دا کاتێك دەبێت بە مامۆستا کەسەرپەرشتیار دەبینێ و وەچۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ سەرپەرشتیار وە زانینی کاری سەرپەرشتیار.**

**١٦. لیستی سەرچاوە:**

**سەرچاوە بنەرەتیەکان:**


١- **نانەکەلی,طارق خالد(٢٠١٠). بەریوەبردن و سەرپەرشتیکردنی پەروەردەی**.

٢- **مساد,عمر حسن (٢٠٠٥). الإدارة المدرسية ودورها في الإشراف التربوي,**

٣- **محمد,محمد جاسم(٢٠٠٤).سايكولوجية الإدارة التعليمية.**

١- أبو نمرة,محمد خميس(٢٠٠١).إدارة الصفوف وتنظيمها.

٢- محامدة,ندى عبدالرحيم(٢٠٠٥).الجواني السلوكية في الإدارة المدرسية.

٣- الخليلي, أمل (٢٠٠٥).إدارة الصف المدرسي.

| ١٧. بابەتەكان | | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|---|
| هەفتە | بابەت | |
| یەکەم | پێشەکی یەك لەسەر بەڕێوەبردن و گەشەسەندنی<br>پیناسەی بەڕێوەبردن -<br>بۆچوونی زانایان لەسەر بەڕێوەبردن - | |
| دووەم | - چەمکی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی<br>-بەڕێوەبردنی پەروەردەیی<br>-بەڕێوەبردنی قوتابخانەیی<br>ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی قوتابخانەیی<br>یەکەم- پلان دانان<br>دووەم- رێکخستن<br>سێیەم- ئاراستەکردن<br>چوارەم- چاودێری کردن | |
| سێیەم | جۆرەکانی بەریوەبردنی قوتابخانەی<br>١- بەڕێوەبردنی دیکتاتۆری<br>٢- بەرێوەبردنی دیموکراتی | |
| چوارەم | ٣- بەرێوەبردنی ئاژاوەگێری | |
| پێنجەم | بەرێوەبەری سەرکەوتوو کێ یە؟<br>تایبە تمەندییەکانی بەرێوەبەری سەرکەوتوو | |
| شەشەم | ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانی بەرێوەبەری قوتابخانە :<br>١- پێش کردنەوەی قوتابخانە.<br>٢- . لەماوەی سالی خوێندندا. | |

| | |
|---|---|
| حەوتەم | ٤. لە کۆتایی ساڵی خوێندندا<br>- کێشەوگرفتەکانی بەڕێوەبردنی قوتابخانە |
| هەشتەم | یاریدەدەری بەرێوەبەرو ئەرك و بەرپرسیاریەتەکانی لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە |
| نۆیەم | تاقیکردنەوەی وەرزی |
| دەیەم | گرینگترین تۆمارەکانی قوتابخانە |
| یازدەهەم | پەیوەندیەکانی بەرێوەبەری قوتابخانە<br>خشتەی وانەکانی هەفتە |
| دوازدەهەم | چەمك و پێناسەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی<br>ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی<br>ئاما نجەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی |
| سێزدەهەم | شیوازو سەردانەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی |
| چواردەهەم | ئەو خالآنەی کە پێویستە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی رەچاوی بکات لە کاتی سەردانی کردنی مامۆستا لەناو پۆلدا |
| پازدەهەم | پێداچوونەوەی گشتی بابەتەکان و وەلامدانەوەی پرسیاری قوتابیان |

١٨. تاقیکردنەوەکان

پرسیارەکانی تاقی کردنەوەم پێك دێت لە تێکەڵەی هەر سێ شێوازی سەرەوە ( اختبارات الموضوعیة +اختبارات المقالیة )

پ١/ ووشەی ( راستە یان هەلەیە ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ وە دەستەواژەی هەڵە راست بکەوە:

١. ئەرکەکانی قوتابخانەیی بریتیە لە پلان دانان ورێکخستن و هەماهەنگی وچاودێری کردن و هەڵسەنگاندن.

٢. بەرێوەبردنی پەروەردەیی بریتی یە لە هەموو ئەو کردارانەی کە کارمەندانی قوتابخانەکە هەریەکەیان بە پێ ی بەرپرسیارەتی خۆی ئەنجامی دەدات .

پ٢/ ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی قوتابخانەیی یەك بەدوای یەك بژمێرەو باسی ئەرکی (٤) بکە.

پ٣/ جۆرەکانی بەرێوەبەری قوتابخانەیی بژمێرە ؟باشترین جۆری بەرێوەبردنی قوتابخانەیی باس بکە؟هۆکارەکەشی بلێ؟

| |
|---|
| **١٩. تێبینیی تر:** |
| **٢٠. پێداچوونەوەی هاوەڵ:** |

**تێبینی/ ئەگەری کۆرانکاری دەبێت لەهەر بارودۆخێکدا کە پێویست بێت.**